# بانگەوازی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق بە بۆنەی 8ی مارس - ڕۆژی جیهانی ژن

لە ئێستاوە ژنانو ڕێکخراوەکانیان لە هەموو وولاَتانی دنیادا، لە چالاکی خۆ ئامادەکردندان بۆ 8ی مارس. ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراقو کوردستان و لەدەرەوە، ئامادەکاری خۆی دەستپێکردوە بۆ ڕیز گرتن لەم ڕۆژە. لەکاتێکدا بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە تەواوی ژنانی دنیاو عێراق دەکەین ، بانگەوازی خۆمان ئاراستەی ژنانو پیاوانی عێراقو کوردستان دەکەین کە ڕێز لەم ڕۆژە بگرن لە هەموو شوێنەکانی عێراقو کوردستان.

ژنان لە دڕەندەترین نیزامی فاشی لە مێژودا ڕزگاریان نەبوو، کەچی لە ماڵەوە بەسترانەوەو بونە زیندانیو بێ ئیرادە کران، مافەکانیان زەوتکراو، خۆ ئەگەر ڕەئی خۆیان بدەنو مومارەسەی مافەکانیان بکەن ئەوە دەکەونە بەر هەڕەشەی کوشتن. ئەوە واقعیەتی ژیانی دوو ساڵی ڕابوردووی ژنانی عێراقە لە دوای جەنگو داگیرکاریو دەست ئاوەلاَبونی "ئازادانە"ی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی بە سونیو شیعیی‌یەوە، کە هێرشێکی تازە بکەنە سەر مافەکانی ژن لە عێراقدا. هێرشێك کە ڕاستەخۆ درێژەو قولکردنەوەی، ئەو پیشلکاریانەیە کە دەرحەق بە مافەکانی ژن دەکرا لەسایەی نیزامی بەعسی فاشیدا، کە بۆ سێ‌دەیە بەردەوام بوو، تا ئەوڕادەیەی گەیشتە سەربڕینی ژنان لە سەر شەقامو گەرەکەکانو بە بەرچاوی خێزانو منداڵەکانیانەوە.

حیجابی ئیجباریان بە هێزی چەك فەرزکردەوە بەسەر ژنانداو سەرەتایترین مافیان لە مافەکانی ژن زەوتکرد، کە مافی ئازادی پۆشینی جلوبەرگی مەدەنیە. کارکردن بە یاساکانی حکومەتی بەعس درێژەی پێدرا، چەند ژنە فەرزکرایەوە، زەواجی موتعە برەوی پەیداکرد، کە بارزگانیەکی سیستماتیکی بزوتنەوە ئیسلامیەکانە لەعێراق بە لەشفرۆشی ژنانەوە. هەزارەها ژن کوژرانو هەزاران ڕیگایان لێگیرا بچنە دەرەوە، چون بۆ قوتابخانەو چونە سەرکاریان لێ قەدەغە کرا، هەروەها پراتیکەکردنی ئاسایترین جموجۆلی ڕۆژانە لە بازارکردنو گەرانو ڕۆیشتن بۆ شوینە تەرفیهیەکانیان لێ قەدەغە کرا. کوشتنی ناموسی بەشێوەیەکی بێ‌وینە فراونبوەوە. حکومەتی ئینتقالی لە بەرانبەر هەموو ئەم تاوانانەدا، چاوی داخست. کوشتنی ژنان لە عێراقدا لەدوای پرۆسەی "ئازاد"ی‌یەوە تاوان نیە !.

ژنانو پیاوانی عێراق...

ئەو هێزانەی کە لەماوەی دووساڵی ڕابوردودا هۆکاری ئەصلی ئەم چارەنوسەبوون بۆ ژنانی عێراق، هەمان ئەو هێزانەن کە لە لایەن هێزی داگیرکەرەوە پاڵێوراونو ئیمکانانی بێ سنورو دەسەلاَتیان دراوەتێ بۆ ئەوەی کە ببنە یاسا دارێژەری کۆمەڵگا، ئەوانەن کە بڕیار لەسەر مافەکانی ژنان دەدەن لە پەرلەمانی داهاتودا، وە ئەوان کە یاسای هەلاَواردنی جنسی دژ بە ژنان دادەنێن لە ژێر ناوی جێبەجێکردنی" شەریعەتی ئیسلام"، وە ئەوانەن کە دامودەزگاو دادگا شەرعیەکانیان دادەمەزرێنن بۆ سەرکوتی ژنانو مامەلەکردنیان وەك ئینسانی پلە دوو.

ئەم خەتەرە بۆ سەر ژنان ، خەتەرێکە بۆ سەر مافو ئازادیو ئەمنیەتو سەلامەتیان!

ئێستا ئێمە، پاش چەند ڕۆژێکی تر ڕیز لە 8ی مارس دەگرین، پێویستە خەباتی خۆمان یەکگرتوو بکەین لە پێناوی ئەوەی کە 8ی مارس بکەینە ڕۆژی یەکگرتویی ژنانو پیاوانی عێراق، لە پێناو پارێزگاری لە مافەکانی ژنان، لە پێناو جێبەجێکردنی ئازادیو یەکسانی بۆ ژنان. وە لەپێناو دەستەبەرکردنی یاسای مەدەنی کە ژنو پیاو بە یەکسان دادەنێت لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا.

**با 8ی مارس شانبەشانی ژنانی دنیا بکەینە ڕۆژی کۆتایی‌پێهێنانی هەڵاواردنی جنسی‌وکوشتنی ژن‌و توندو تیژی دژ بە ژنان.**

**با 8 مارس بکەینە رۆژی یەکگرتویی ژنان لە سەراسەری عێراق‌و کوردستان لەگەل ژنانی دنیادا، لەپیناو زامنکردنی مافەکانی ژنان، مافی کارکردن، مافی خوێندن، مافی بەهرەمەندبون لە ئەمنیەت، مافی پاراستنی لە توندو تیژی نێو مال، مافی بەهرەمەندبون لە پەیوەندی خۆشەویستی بەبێ ئەوەی شمشێر لەسەر ملمان بێت، مافی سەفەر بەبێ ئەوەی فەرزربکریت کە "مەحرم" یان "چاودێر" یکمان بەسەروە بێت.**
**با ئەم ڕۆژە، رۆژی 8ی مارس بکەینە رۆژی بەرزرکردنەوەی خواستەکانمان، خواستی کۆتایهێنانی داگیرگەرو تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، وە رۆژی ڕاگەیاندنی دەستورێکی سکولار بۆ عێراق‌و جیابونەوەی دین لەدەوڵەت و جێبەجێکردنی یاسا مەدەنیەکان بۆ هەموو هاوولاٌتیانی عێراق، بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوەودین‌و جنس.**

**با لەمرۆژەدا ژنان‌و پیاوان پێکەوە لە هەموو شارو زانکۆو قوتابخانەو کارگەو گەرەك‌و لادێیەکدا، هەستین بە رێکخستنی سەدان کۆبونەوەی گشتی‌و چاوپیکەوتن‌و ئاهەنگ گێران، بۆ ئەوەی دەنگی ژنان‌و داواکارییەکانیان، کە جیهانێکی ئازادو یەکسانە، بگەیەنێن.**
**با ئەمڕۆژە بکەینە رۆژی سوربون لەسەر خەباتکردن لە پیناو پراتیکەکردنی خواستەکانمان، وبەهەموو تواناو ئیمکاناتێکەوە هەولٚ بدەین  کە خواستەکانمان، بکەینە حالەتێکی نۆرمال‌و ڕۆژانە وەك باقی ژنانی دنیا.**

**لەگەلمان بن، پەیوەست بن بە ریکخراوی ئازادی ژنەوە لە عێراق کە دەنگێکی جەسورو پاریزەری ڕاستەقینەی مافەکانی ژنانە لەعێراق، لەپێناو ئازادی‌و یەکسانی‌و کۆمەڵگایەکی موتەمەدن‌و سکۆلار لە عێراقدا.**

**بژی ڕۆژی 8ی مارس رۆژی خەباتی ژنان لە جیهان‌و عێراقدا، لەپیناو ئازادی‌و یەکسانیدا.**

# ڕێکخراوی ئازادی ژن لەعێراق

2005/2/3